www.kurdistannet.org
7-7-2006 17:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کوردستانپۆست لە جنێوفرۆشی بۆ تیرۆر ... مامۆستا یەحیا...

**هەولێر**

**تا لە توانیاندا بوو جنێویان بە سەرکردەو نیشتمانپەروەران و حزبە تێکۆشەرەکانی کوردستان دا، لەبەر نیاز بۆگەنی خۆیان هەموو ئەو نووسینانەی بڵاویان دەکردەوە دژایەتی کردنی ئاشکرای حکومەتی هەرێم و حزبە کوردییەکانی پێوە دیار بوو، تەنانەت ئەگەر بابەتێکی گرنگ و پرسێکی دروستیشیان بڵاوکردبێتەوە بۆ ئەوە بووە وەکو دەڵێن ((کلمه الحق یراد بها الباطل)) .**

**ئەمجارەیان لەگەڵ ئەوەی کە لە جنێودان و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی قێزەون بەردەوامن، هاتوون لە وتارێکیان نووسیویانە ((دەبێ لەجیاتی کوشتنی هەر کچێک چوار مەلا لە چوار مزگەوتی چوار گەڕەکی دەوروبەر یان چوار گوندی نزیک یەکتر لە سێدارە بدرێن)) .**

**مەبەستم لەم نووسینە بەرگری کردن نییە ە مەلاکان چونکە خۆیان دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و وەڵامی پێویست بدەنەوە، دەبێت ئەوە لەبیرنەکەین ئەوکاتەی باس لە شۆڕشەکانی کوردستان دەکەین دەبێت باسی قازی محمد و شێخ عبیداللە نەهری و شێخ محمود و بارزانی نەمر بکەین، وە ئەگەر بچینە سەر باسی مێژووی ئەدەبی کوردی و ڕەخنە و هۆنراوە و پەخشان دەبێ باسی مزگەوت و حوجرە و مەلاکانمان بکەین، پێم وا نییە مەلاکانی کوردستان لە چەوساندنەوەی ئافرەتان بەرپرس بن چونکە بەر لە ئیسلامیش ئافرەت تووشی چەوساندنەوە هاتووە، ئەگەر ئەمە کولتورێکی عەرەبی جاهیلی بێت ئەوە تاوانی مەلاکانی کوردستان نییە، کە عەرەب کولتوری جەهالەتی خۆی بەسەر کورد دا سەپاندووە، دیارە ئەم سیاسەتە لەلایەن وڵاتانی تری ئیستعماریش پەیڕەو کراوە کاتێک وڵاتێکیان داگیرکردووە، کولتوری خۆیان سەپاندووە.**

**ڕژێمی بەعسیش بڕیاری دابوو ئەگەر هەر شوێنێک پێشمەرگە چالاکی لی ئەنجام بدات ئەوا چوار دەوری چوێنەکەی وێران و خاپوور دەکرد، سەیرە! ئەم کولتورەی بەعس گواستراوەتەوە بۆ هیوا گوڵ محمەدی کە دەڵێت لەکاتی کوژرانی کچێک مەلاکانی چوار دەوریان لە سێدارە بدرێن. مەبەستم لێکچواندنی چالاکی پێشمەرگە بە کوشتنی ئافرەت نییە، بەڵکو خاپوور کردنی شوێنێک و کوشتنی مەلای بی تاوانە. کە زۆر لە یەکتر دەچن.**

**ئەم داواکارییەی نووسەر کت و مت لە سیاسەتی بەعس و کوردستانپۆستی ئەنساولئیسلام دەچێت. پێویست بوو نووسەر بۆ ڕێگە گرتن لەو دیاردەیە داوای گۆڕینی یاسای ئەحوالی شەخسی بکردایە و ئەو پیاوەی کە ئافرەت دەکوژێت و دەچەوسێنێتەوە پیویستە دادگایی بکرێت نەک ئەو پێشنیارە نابەجێیەی!!**

**ئەوەی نووسەر دەچێتە خانەی هەڕەشە و تیرۆر، پێویستە یەکێتی زانایان لێی بێدەنگ نەبێت و داویان لەسەر بەرز بکاتەوە.**